# هوبا

# Huba

پێشکەشە بە Huba de Graaff ئەو ژنە مۆسیقارە هۆڵەندییەی ڕوحم ئاشنایە بە ئاوازەکانی ..

ئەو ووشانەی تۆ پێی ئەدوێی
من تێی ناگەم،
ئەو چاوانەت نیگاکانی
ناخم ئەسمێ و لێی تێناگەم....!
بە ئاوازی شیرینی تۆ
ڕوحی شەکەت و ماندووی من
ئارام ئەبێ،
جارێکی تر  ئەژێتەوە...

وا هەست ئەکەی من تێت ناگەم..!!!
یەکەم جارمە ئاوازێکی تیژ و خێرا
مێشک و ڕوحم ئاوا بسمێ ...!
ئەم ڕوحەی من چەند نامۆیە..
بەم وولاتەت..!

کە گوێم گرت لێت
وام هەست ئەکرد
زۆر لە مێژە تۆ ئەناسم
ئاشنایەتی ڕوحی نامۆم.... بۆ قامکی پڕ ئاوازت
غەریب نەبوو....!
کە گوێم لێ بوو ناسیمەوە
چەند ئاشنا بووم
هێند نامۆ بووم... بەم وولاتە و بەم زمانە

بەوشتانەی وەکو باغە و گوڵی نایلۆن  و میکانۆ،
کەوا نامۆن بە ڕوحی من....!
*****
ئاوازەکەت
بە نامۆیم ئارام بەخشە
بۆ چەند ساتێک ئاسودەیی... ژیاندەوە
لە ناو  مێشکە ووڕ و شێتە.. جەنجاڵەکەم
ڕوحم دەروەزەکەرێکە
ئەوینداری ئاشنایەتی
ئاوازی جوان... ووشەی ناسک،
مرۆڤدۆستی خوادەیەتی

لەگەڵ ڕوحێکا ئاشنام من
دژی جەنگ و پیاوکوشتن زەبروزەنگە
ئاوازی تۆش ئارام بەخشە
هیوا بەخشە
چەند توورەش بێت
من ئەناسێ....!

بەو ئاوازە ئێستاکە من هێمن...هێمن
خاو خاو.... خاو خاو..
لە کەناری سپێدەی بەیانییەکی کش وماتا ئۆقرە ئەگرم
ئەتوێمەوە.....فەنا ئەبم
دەبم بە هەورێکی سپی ....ئاسمانێکی ساماڵ ئەگرم
هەموو ئاسمان داگیر ئەکەم...!
پاشان بایەکی ساردی تەزیو تەزیو
بە لێزمەیەک شەستەباران ئەمبارێنی
بە سەر پەرچەم و لەش و ڕوحی تۆدا
بەرت کەوم.... من ئەسوتێم
ئەبمە ستوو.... بە خۆڵەمێش
دوکەڵەکەشم نامێنێ...!

من ئێستاکە دەروێشێکی ووشکە سۆفی ڕۆژهەڵاتی
سەرکەش و مەستی ئاوازتم
(بادەی شەرابی خودایی بەر پەنجەرەی خەوبینینتم
لە تەماشای پروشەی بەفری بەیانیان و
لەرەی پرسیاری سنەوبەری شەوان قەت تێر نابم،
ڕادەمێنم...!

من ئێستاکە لەبەر پەنجەرەی شێتێتی شەوگارمدا
شفرەی هەموو نهێنییەکان دەچنە ناو قامکی شوشەیی پڕ ئاوازەت)*

دەیانبینم.... دەیانبیستم...... دەیانناسم
دەچنە ناو ڕوحی نامۆمەوە
ڕۆژگاریٚ تر دەبنە چوار وەرزی ساڵەکەم
بەهار... هاوین... پایز.... زستان
دەمنوسنەوە....!

ووڵاتەکەت لە ووڵاتی من جوانتر نییە، جوانتریشە
شارەکەی تۆ لە شارەکەم شەنگتر نییە، شەنگتریشە
ووڵاتی تۆ
میکانۆیە پوزڵێکە، بە دەست منداڵی ژیرەوە
وای ئەبینم
لەم ووڵاتە هەموو شتێک ڕێکخراوە...!

هۆ ژنەکەی وەک ئەفسانە ....بوویتە ماسی و
شەپۆلی دەریایەک ئەبڕی...!
بە ئاوازی سەمفۆنیای سروشت و جوانی
بە ئەسپایی
لە ئێوایەکی کپی پایزیدا، ڕوحم ئەسمی
ئاوازەکەت لێم تێئەگات..!
شەپۆلێکە مێشک و دڵم توێ توێ ئەکات...!

دە بیژەنە.... دە بیژەنە
زەمەنێکە ڕوحم لە ئاوازە نامۆکانی تۆ
نامۆ ترە و سەما ئەکا
وەرە ڕوحم بژیەنەوە
دەی بیژەنە... دەی بیژنە
ڕەنگە ئێستا گوێکانی تۆ
بەم ووشانەی من نامۆ تر بن..!
دەی بیژەنە ئێستا ڕوحم گەنج بۆتەوە...!
هۆ هۆ هوبــا...!!
دەستم بگرە بمخەرە ناو ئاوازێکی نامۆی واوە
هیچ نۆتەیەک نەمکاتەوە
هیچ شاعیرێک گوێم لێ نەگریٚ
نەکا ئاواز دانەریٚ تر... من بفڕێنیٚ
تەنها نۆتەی ئەم ئاوازە سەرشێتەی تۆ بمکاتەوە

هۆهۆ هوبا.......هۆ هۆ...!
ئاوازەکەت ڕوحی سمیم
توێ ..توێی کردم
من لە وولآتی خۆم غەریب  بووم
ئەو سالآنەی ئاوازی تۆم نەبیستبوو
هەر وا وێڵ بووم...!
ئاوازەکەت منی ناسی
سالآنی زووش تۆم نەدیبوو
ئاوازەکەت ئاشنا بوون پێم
هۆ هۆ هۆ ئاشناکەم...!

ئەپریلی 2004
ئەمستردام
سەردار فەتاح ئەمین

---

* سێبەری چەند دێڕێکی مەهاباد قەرەداخی شاعیری بەسەرەوەیە.